کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 13-4-2007 0:44

# ئەو دەوڵەتەی بەلێدوانێک هەرەسی هێنا. ... مەریوان نەقشبەندی

کاردانەوەی شێرزەی تورکیا لەسەر لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەربارەی ئەگەری دەستێوەردانی تورکیا لەکاروباری کەرکوک و مادەی 140ی دەستووری عیراقی بەدیاری خست کە تورکیا لەچ تەنگژەیەکی سیاسیدایە، باشە دەوڵەتێك خۆی بە براگەورەی کورد بزانێت و منەتی ئەوەی لەسەربکات کە ڕۆژێك لەڕۆژان یارمەتی کوردی باشووری کوردستانی داوە و بنکەیەکی بۆ ئەمریکا کردۆتەوە تا ناوچەی دژەفرین لەبەشێکی کوردستاندا لەفرۆکەکانی سەدام بپارێزێت، دەبێ لەگەڵ یەکەم داواکاری یاسایی ئەم گەلەدا ئەوەندە شێرزەبێت کە سەرەك وەزیرانەکەی ڕەوشتی قسەکردنی بیر بچێتەوە و هەرەشەی پلیشاندنەوەی میللەتی کورد بکات؟!، ئەوەی لەکوردەواریدا باوە دەبێ براگەورە دڵ و چیکڵدانەشی گەورەبێت و ئامادەبێت لەگەڵ واقیع و مێژوودا مامەڵەبکات، بەڵام کار بگاتە ئەوەی بەلێدوانێك کە لێدوان و دەنگ و داوای (40) ملیۆن کوردە، هەرەشەی شەڕ لە کوردستان ومیللەتی کورد و سەرۆکەکەی بکات، ئەوا باشتروایە تورکەکان هەر لەئێستاوە فاتحە بۆ دەوڵەت و هەیبەتی تورکیا بخوێنن، دەبو ئەردۆگان و ڕەگەزپەرستە تورکەکان ئەوەیان لەبیربوایە کاتێك چەکدارەکانی پەکەکە دەیانویست خەڵکی باشووری کوردستان و حکومەتی هەرێم لەشەڕێك بگلێنن کە شەڕی ئەوان نەبوو، چۆن سەرکردایەتی سیاسی کورد و شەخسی سەرۆك بارزانی سنووری بۆدانان و خستنیەوە قاوغەکەی خۆیان، ئەوە لەکاتێکدابوو کە تورکیا بەهەموو دامودەزگای سەربازی زەبەلاح و پێشکەوتوی خۆی و ئەمریکا و پەیمانی باکوری ئەتڵەسی یەوە بەدەست پەکەکەوە گیریان خواردبوو، ئاخۆ خەڵکی تورکیا پرسیار لە عەسکەر و سیاسیەکانی خۆیان ناکەن ئەم دژایەتی کردنە بەردەوامەی کوردستان لەپای چییە؟ ئایا دژایەتیکردنی ئەرمەن و عەرەب و فارس و قوبرس و یۆنانیەکان بەس نیە؟ ئەگەر سیاسەتوان و عەسکەرتارەکانی تورکیا کەمێك لەئەلف و بێی سیاسەتیان بزانیایە دەبو هەست بکەن کە یەکێتی ئەوروپا بەگاڵتە نیە نایەوێت تورکیا بێتە ئەندام لەریزەکانیدا، دەبوو عەبدوڵلا گول قەبارەی خۆی و حکومەتەکەی ئەردۆگان و حزبە (ئیسلامیە – ئیسرائیلی) یەکەی بەناو (عەدالە و تەنمیە) ی بۆ دەرکەوتایە کاتێك خاتو (نانسی بیلۆسی) لەئەمریکا پێی گوت کاتم نیە بتبینم!! بەڵام پێدەچێت هێشتا حکومەتی تورکیا پەندەکانی مێژووی وەرنەگرتوە و وادەزانێت سەردەمی عوسمانیەکانە وکوردستان ویلایەتی موسڵە و هەرکاتێك بیەوێت باشچاوشێك بۆ کەرکوك دانێت، باشتروایە دەسەڵاتدارانی تورکیا کەمێك بەهۆش خۆیان بێنەوە و لەجیاتی ئەو هەموو هەرەشەیەی دەیان ساڵە لەکوردی دەکەن، یەك جار ژیرانە سیاسەت بکەن و فەزای هاوکاری و کارکردن لەگەڵ کورد بکەنەوە بزانن چەند قازانج دەکەن، داواکاریەکانی کورد لە باکوری کوردستان ئەوەندە تەعجیزی نین هەتا دەوڵەتێکی بەقەبارەی تورکیا بترسێنێت، کورد جگە لەئازادی و ژیانێکی سەربەرزانە لەسەر خاکی خۆی شتێکی دیکەی نەویستوە و ناوێت، ئەو کەرکوکەی کە هەمیشە تورکیا باسی دەکات هەرگیز و لەهیچ سەردەمێکدا نابێتە پاروی ئەنکەرە چونکە نەژمارەی تورکمان لەکەرکوك و نە قورسایی و قەبارەی (بەرەی تورکمانی) لەکەرکوك لەئاستێکدایە کە تورکیا گرەوی لەسەربکات.

ڕەنگە تورکیا ئەوەندە کورتبین بێت وابزانێت ئەمریکا بەلێدوانەکانی سەرۆك بارزانی واز لە هەرێمی کوردستان دێنێت و ئەو هاوکێشەی عێراق دەگۆرێت کە تەنها کورد و هەرێمی کوردستان ڕایان گرتوە!!

ئەگەربەرپرسانی تورکیا قسەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەم هەموو راستیانەی سەرەوەشیان پێ هەزم ناکرێت، ئەوا تەنها یەك قسەی مسعود بارزانیان وەبیر دەهێنمەوە کە ڕەنگە ئامادەنەبوون گوێی لێبگرن، ئەویش ئەوەیە تورکیا هەرگیز هێز و قورسایی (سەدام حوسێن) ی نیە و نابێت، کەواتە با بەقەد بەرەکەی خۆیان پێراکێشن و بزانن کورد و سەرکردایەتی سیاسی کورد لەسەر خاکی کوردستان بەرگری دەکەن و هەر لەسەر کورد و کێشە ڕەواکەشی گرەو دەکەن.

naqshbandy@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.